توندڕەوی.. ئیرهاب.. گۆڕینی جیهان

بەشی دووەم

بەرایی

هەر کۆمەڵگەیەك بینای ئابووریو سیاسیو دابونەریتو بیروباوەڕو ئاینی خۆی هەیە. سەرجەم تاکەکان لەگەڵ ڕەوتی ئەو کۆمەڵگەیەدا دەڕۆن، بەڵام زۆرجاریش ڕوو دەدات کەسێك یان تاقمێك دژ بەو تەوژمە مەلە بکەن.

ئەو کەسانە هەوڵی بەدیهێنانی گۆڕانکاری دەدەن، ئیتر ئایا گۆڕانکارییەکی هەمەلایەنە بێت یان تەنیا ڕوویەکی کۆمەڵگە بگرێتەوە.

وەك چاوەڕوان دەکرێت" کۆمەڵگە یان بەشێکی ئەو کۆمەڵگەیە کاردانەوە دژی ئەم هەوڵی گۆڕانکارییە دەنوێنێت، لەمەشەوە ململانە سەرهەڵدەدات.

ئەگەر باس لە ئاستێکی باڵاتر لە تاکە کۆمەڵگەیەك بکرێت، ئەویش ئاستی جیهانی، هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری ململانەیەکی گەورەتر بەرپا دەکات.

دیموکراسیو شۆڕش

زووتر سۆشیالستو کۆمۆنیستو فەوزەوییەکان کۆششیان بۆ گۆڕینی بارودۆخی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسی دابوو و باسیان لە شۆڕش دەکرد... ئەوەش کە کەمتر باسی لێوەکراوە ئەوەیە دیموکراسی ڕێگەی شۆڕشی گرتبووە بەر.

دیموکراسی وەکو بەرامبەرێكو ڕەت کردنەوەیەکی توندوتیژی زانراوەو ڕێگەی دیموکراتی وەکو بەدیل بۆ ڕێگەچارەی شۆڕش تەماشا دەکرێت. بەڵام ئەوەی لەیادکراوە مێژووی دیموکراسییە. دیموکراسی لە سەددا سەد ئاشتییانە خۆی نەسەپاند.

ئەزموونی یەکەمی دیموکراسی، کە دیموکراسییەکەی وڵاتی یۆنانەو کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەك بەر لەمەسیح لە ڕێگەی ململانێی کۆمەڵایەتییەوە هاتە بوون.

لەو ناوچانەداو بەهۆی بینای عەشایەرییی کۆمەڵگەوە چینە باڵادەستەکە دەسەڵاتێکی کەمتری بۆ حاکمێکی تاك دەهێشتەوە بەڵام بە تێپەڕبونی زەمەن جیاوازیی نێوان چینەکانی کۆمەڵگە ململانێی نێوانیان دروست کردو ئەنجامی ئەو ململانێیە گۆڕانکاری بوو بەسەر شێوازی حوکمو دابەش کردنی دەسەڵاتەکانداو چەند جۆرە حوکمێك سەریان هەڵدا کە شێوازی دیموکراتی یەکێکیانە.

بەسەرهاتەکانی لەپشت ئەم سەرهەڵدانە بریتی بوون لە ناکۆکیو شەڕو شۆڕشو دژەشۆڕشو کودەتا... تاد.

خولی دووەمی دیموکراسی کە دوای دوو هەزار ساڵ دەستی پێکرد بە هەمان شێوە شەڕو خوێن ڕشتنی تۆمارکرد. مێژووناسان بۆ ئەم خولە سێ ڕووداو وەك ڕووداوی گەورەی دیموکراسی دەست نیشان دەکەن. یەکەم ڕووداو لەمانە شۆڕشی ئینگلیزی لە سەدەی حەڤدەدا کە بریتی بوو لە ململانەی نێوان لایەنگرانی پەرلەمانو لایەنگرانی پادشا چارلزی یەکەمو کە بەشەڕ کۆتایی پێهات.

دوای ئەوەو ساڵی (١٧٧٦) شۆڕشی ئەمەریکی دژی داگیرکەری ئینگلیزی هەڵگیرساو ئەنجامی شۆڕشەکە پاش چەند ساڵێك دامەزراندنی کۆماری فیدراڵیی ئەمەریکاو پێکهێنانی کۆنگرس بوو.

لە هەمان ئەو ساڵەی هەڵبژاردنی یەکەم کۆنگرەس و سەرۆك کۆماری ئەمەریکی (١٧٨٩ساڵی) کرا شۆڕشی فەڕەنسی بەرپادەبێت و پادشایەتییەکی دەستووری دادەمەزرێت و کە دواییتر بووە نیزامێکی کۆماری و لەمەش دواتر ژمارەیەك گۆڕان بەسەر نیزامی دەوڵەتەکەدا هات.

هیچ لەم شۆڕشانە ناوی دیموکراسییان بەکارنەهێنابوو بەڵام هەموویان چوونە خانەی دەستکەوتە دیموکراتییەکان و زەمینەیان بۆ دیموکراسیی سەدەی نۆزدەو سەدەی بیست خۆش کرد.

کەواتەو وەك وتم ئەو دیموکراسییەی دەیانەوێت بەدیل بێت بۆ شۆڕش و توندوتیژی لە ڕێگەی شۆڕشەوە خۆی سەپاند. دیموکراسییە سەقامگیرو هێمنەکەی ئەمڕۆی ڕۆژئاوا بەری هەموو ئەو ڕووداوە گەورانەیە. خوێنرشتن کارێکی پێویست بوو بۆ دیموکراسی. شۆڕشی ئەمەریکی جەنگێك بوو وەکو هەموو ئەو جەنگانەی کوشتاریان لێ دەکەونەوە. لە شۆڕشی ئینگلیزیشدا خوێنی هاوولاتییە بەریتانیاییەکان و وەکو هەموو جەنگێکی ناوخۆ ڕێژراو لەسێدارەدانی پادشا چارلزی یەکەم (ساڵی ١٦٤٩) تەنها ڕووداوێکی شۆڕشەکە بوو. شۆڕشی فەڕەنسیش توندوتیژی و کوشتارێکی نموونەیی بەخۆیەوە بینی و یەکێك لە سەرژمێرییەکان قوربانییەکانی سەر دەستی پیاوانی شۆڕشی نێوان (٣٥) تا (٤٠) هەزار مەزەندە کراوەو تەنها لە ناوچەی (ڤوندێ) کە ڕاپەڕینێکی دژ بە شۆڕش هەڵگیرسابوو (١٧) هەزار کەس کوژران[٣٩].

لەیادکردنی ئەو مێژووە سوورەی دیموکراسی ئەو ڕاستییە دەشارێتەوە کە بارودۆخی ڕۆژهەلات زەمینەیەکی ناسازە هەروەکو زەمینەی ئەوسای ڕۆژئاواو لەمەوە شۆڕش و خوێن ڕشتن بۆ سەپاندنی دیموکراسی پێویستە.

ئەمە یەکەم کێشەی نەزەریی هێنانەدیی دیموکراسییە لە ڕۆژهەلاتدا، بەڵام پاشان کێشەی تر سەرهەڵدەدەن: کێ ئەم خوێنە دەڕێژێت؟ پاش سەرکەوتن زەمانەت چییە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو نەبێتە دیکتاتۆر لەجیاتی بەرقەرارکردنی دیموکراسی؟ پاش سەرکەوتن دەوڵەتە گەورە دیموکراتەکان لێدەگەڕێن نیزامەکە پرۆژەی دیموکراتیی خۆی پیادە بکات ئەگەر دەرکەوت کە نیزامەکە هەڕەشە لە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان دەکات؟ ئەگەر ئەمە ڕوویدات شۆڕشی دیموکراتی پێویستی بە خوێنی ترە چونکە ململانەی تر سەری هەڵدەدەن.

واز لەم حساباتە بهێنین و حسابێکی نەزەریی تر بکەین کە هۆکارێکی گەورەی توندوتیژی و دواتر ئیرهاب دەست نیشان دەکات و بزانین ڕێگەچارەی دیموکراتی و ئاشتییانە لە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکاندا تاك و لۆ دەبێت:

تۆ دەتەوێت گۆڕانکاری بەسەر کۆمەڵگە یان لایەنێکی ئەو کۆمەڵگەیەدا بهێنیت. بەپێی بانگخوازان ئازادی کارەکەت ڕەوایە. هەوڵی خۆت دەدەیت بەڵام هەندێك کەس وهێز بەرەنگارت دەبنەوە. ئەگەر ڕێگەی کارت پێ درا پێویستت بە توندوتیژی نابێت بەڵام چی دەکەیت ئەگەر ڕێگەی کاری ئاشتیانەت لێ گیراو گەیەنرایتە (ڕێگەیەکی داخراو)؟

هیچ بیریارێك یان فەیلەسووفێك ناڵێت خۆت بکوژە یان دەستبەرداری ئامانجەکەت بە، هەرچەندە هەموویان ئامۆژگاریشت ناکەن دەست بدەیتە چەك.

کەس ناڵێت لەناو زینداندا خەبات بکەو لە کۆتاییدا دەنگی زیندان بەسەر زەبری دەسەلاتدا سەردەکەوێت چونکە ئەم حاڵەتە دەگمەنەو کەسێك خۆی بە ژیر بزانێت شوێنی ئحتمالە دەگمەنەکان ناکەوێت. تا ئێستاش و ئەوەندەی بزانین کەم کەس توانیویانە ڕێگە چارەیەك بۆئەوەی وتمان (واتە حاڵەتی ڕێگەگرتن لە خەباتی ئاشتییانە) بە ڕاشکاوی بڵێن چونکە دوو ڕێگە هەن و هەردووکیان ئازایەتییان پێویستە بۆ ئەوەی وەکو ئامۆژگاری ئاڕاستەی خەباتکاران بکرێن: یان دەست بدەرە چەك و یان مردنێکی هێواش بۆ خۆت هەڵبژێرە.

با بڵێین ڕێگەی شۆڕشت گرتەبەر، کە زۆرجار کارێکی ناچارییە، ئەوکاتە پێویستە ئامادەی ئیجرائاتی توندوتیژی بەرامبەرەکەت بیت، ئەمەش بەپاڵ جەنگێکی ئیعلامی کە بەکارهێنانی وشەی (ئیرهابی) لە دژت یەکێکە لە شەڕەکانی ئەو جەنگە. ڕەنگە تۆش پێش وەخت چاوەڕێی کۆسپەکانی سەر ڕێگە بێت بۆیە خۆت پێشتر بۆ شۆڕش ئامادە بکەیت. لە هەموو حاڵەتەکانیشدا تاوانباریت و پێویستە پێوانەی خۆت بۆ شەرعی زانینی خەباتەکەت هەبێت.

شۆڕش وەکو ڕێگەچارە باوەڕێکە لەسەر زمانی زۆر کەساندا هاتووە. لە سەردەمی شۆڕشەکانداو بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەو بەشی هەرە گەورەی سەدەی بیستی زاینیدا ئەمە دەوتراو لە ساتەکانی دوایی کۆتایی سەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆ وشەکانی شۆڕش و گۆڕینی واقع بە چەك رووەو قیزەون کردن دەبرێن.

لەگەڵ ئەوەشدا جیهان لەم جۆرە کەسانە بەتاڵ نەبووە. نموونەیەکی نوێ ئەنجامدەرێکی تەقینەوەی ساڵی (١٩٩٥)ی شاری ئۆکلاهۆمای ئەمەریکی (تیمۆثی مەکڤێ) کە ئەو قسەیەی وتبوو کە لە مێشکی زۆربەی شۆڕشگێڕاندا هەیە: پێویستە خوێن بڕێژرێت لە پێناوی گۆڕینی واقعە داروخاوەکە[٤٠] .

مافی شۆڕش

زانیمان شۆڕش یەکێك بوو لە هەنگاوە یەکەمەکانی دیموکراسی و پرۆژەی گەورەی سۆشیالیزمو بە تایبەتی مارکسیەت بوو. ئەم شۆڕشە تا ساتی گەیشتن بە ئاوات (کە بە زۆری دەستکەوتنی دەسەڵاتە) ڕەوایەو لەوەبەدوا شۆڕشگێڕ کە زووتر ناوی یاخی بووی لێ نرابوو دەبێتە پارێزەری واقعە نوێکەو نەیارانی ئەو واقعە دەبنە یاخیبوو.

ئەمەمان لە هەموو شۆڕشەکاندا بینی، لە شۆڕشە قەومییەکان، لە شۆڕشە کۆمۆنیستەکان، لە کوردستاندا ئەمەمان بینی، لە هەموو شوێنێکدا ئەمە هەیە. شۆڕشگێڕو یاخی بوو، پۆلیس و تاوانبار جێگۆڕکێ دەکەن، دوو هاوڕێی زیندانیش تاسەر هەردووکیان وەکو شۆڕشگێڕ نامێنن. وەکو پەیامنێری گۆڤاری (لانوڤێل ئۆبزێرڤاتور)یش لە بارەی دوێنێ و ئەمڕۆی فەلەستینییەکان دەڵێت: ئەوسا لە یەك زیندانی ئیسرائیلیدا ئەندامێکی ڕێکخراوی فەتحی سەر بە یاسر عەرەفات لەگەڵ ئەندامێکی حەماسدا دەژیان بەڵام ئەمڕۆ یەکێکیان پۆلیسەو کۆتوزنجیر دەخاتە دەستی هاوڕێی زیندانی خۆی[٤١] .

مافی شۆڕش و ناڕەوایەتیی شۆڕش کەسەکانی ناو ململانێکە دیارییان دەکەن و تیۆر و لێکۆڵینەوەو بەیاننامەی دان نان بە مافی شۆڕش لەبەردەم واقیعی ململانەکە شکست دەهێنن.

بیریاری ئینگلیزی جۆن لۆك (١٦٣٢-١٧٠٤ز) یەکێك بوو لە پێشەنگەکانی لیبراڵیەت و باوەڕی وابوو پەیمانێك لەنێوان پادشاو ژێردەستەکانیدا هەیەو ئەم ژێر دەستانە بۆیان هەیە شۆڕش دژی هەر پێشێلکارییەکی یاسا بەرپا بکەن (٤٢)، بەڵام هەر (لۆك) خۆی بوو کە داوای قەدەغەکردنی هەردوو (پاپەویەت)و بێباوەڕی کردبوو [٤٣]، کەسێك باوەڕی وا بێت تاقمێکی وڵاتەکەی لە مافەکانیان بێبەش بکات بێگومان مافی شۆڕشیان پێ ڕەوا نازانێت.

شۆڕشی فەرەنسیش (١٧٨٩) کە مافی هاووڵاتیی ڕاگەیاند، لە بەندی دووەمیدا ـ هەروەها دوای ئەوە لە ماددەی (٣٥)ی ڕاگەیاندنی ساڵی (١٧٩٣) ـ مافی بە هاووڵاتی دەدا شۆڕش بەرپابکات بەڵکو دوو ماددەکە ئەمەیان بە ئەرك دەزانی [٤٤]، بەڵام بینیمان کە هەر پیاوانی شۆڕش بوون دژە شۆڕشەکەی (ڤۆندێ) وشوێنی تریان خەڵتانی خوێن کردو بە جوملە هاووڵاتییان لەسێدارە دەداو گوللەبارانیان دەکردن.

لە شۆڕشی سەربەخۆبوونی ویلایەتە ئەمەریکییەکان (ساڵی ١٧٧٦) بەیاننامەی سەربەخۆبوون بڵاوکرایەوەو لە پێشەکییەکەیدا تەئکید لەسەر مافی بەرپاکردنی شۆڕش لەلایەن گەلەوە کرا بەڵام پاش ماوەیەك زنجیرە شەڕە تەعداکارییەکانی ئەمەریکا دەستیان پێکردو ئەمەریکا لەو کاتەوە سەرکوتکەری شۆڕشەکانی جیهانە.

پاش هەموو ئەمانەش خەباتی چەکداری ئەورووپییەکان دژی داگیرکەری نازی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا پیرۆزکرا وەك چۆن پێشتر و دواتر هەمان خەباتی چەکدار، بەڵام ئەم جارە دژی ئەورووپای داگیرکەرو ڕژێمە پابەندبووەکانیان، ئێدانە کرا. دەبوایە ڕۆژئاواییەکان ئەمانەتیان بۆ بنەماکە هەبوایە بەڵام نە ئەمەیان کرد ونە پێوانەیەکی دادپەروەرانەیان خستەڕوو.

ئەگەر باس لە ئیسلام بکەین شۆڕش زیاتر بە ناوی (خروج) هاتبوو و مەسەلەی (خروج) دژی ئەمیری ستەمکار مەسەلەیەك بوو راوبۆچوونی جیاجیای لەسەر هەبوو. رای کۆنی سەلەفیش ئەوە بوو کە شۆڕش دژی سوڵتانی ستەمکار ڕەوایە، بەڵام دوایی زانایان هاتنە سەر قەدەغەکردنی چونکە فتنەو خوێنرشتنی بەدواوەیە. ئەمەش ئەگەر کوفری ئاشکرا لەو سوڵتانە دەرنەکەوێت چونکە لە حاڵەتی کوفری ئاشکرادا شۆڕش و لابردنی ئەو ئەمیرە نەك تەنها ڕێگەپێدراوە بەڵکو واجبیشەو جائز نییە گوێڕایەڵیی ئەو سوڵتانە بکرێت. (ابن حجر) کە قسەی زانایان لەم بارەیەوە دەهێنێت دەڵێت: (ابن التین) لە (داودی)یەوە نەقڵی کردووە کە دەڵێت: زانایان لەسەر ئەو ڕایەن کە ئەگەر بکرێت ئەمیری ستەمکار بێ فتنەو بێ زوڵم لابرێت، لابردنی واجبە ئەگینا ئەگەر ترسی ئەمانە هەبوون واجب ئەوەیە سەبر لەسەر ئەمیرەکە بگیرێت. هەروەها ئەو ڕایەش هەیە کە هەر لەسەرەتاوە نابێت ویلایەت بە فاسق

بدرێت، لەبارەی ئەوەشەوە ناڕێك بوون كە ئەگەر حاكمەكە پاش ئەوەی فەرمانڕەوایەتیی گرتە دەست زوڵمی بەرپاكرد ئایا جائزە دژی ڕاپەڕن یان نا[٤٥] .

شیاوی وتنە كە هەرچەندە ئەمەوییەكان كوفریان لێ نەوەشابووە بەڵام الحسین كوڕی عەلی (خودا لە هەردووكیان ڕازی بێت) لە دژی یەزید كوڕی موعاویە خروجی كردو پاشان (عبدالرحمن كوڕی الاشعث) دژی حەجاج شۆڕشی بەرپاكرد بەڵام زانایان هیچ لەمانەیان بە (باغی)و یاخیبوو نەزانیوە[٤٦] .

لێرەدا دەبینین چۆن حوكمی ئیسلام لەبارەی شۆڕشەوە چەند ڕوونو ئاشكرایە:

١-شۆڕش دژی ئەمیری كافر واجبە.

٢-شۆڕش دژی ئەمیری ستەمكار بۆچوونی جیاوازی لەسەرە.

ئەمەش بەپێچەوانەی ڕاوبۆچوونە غەیرە ئیسلامییەكان كە مافی شۆڕش بەو كەسانە دەدرێن كە جێگەی مەبەستن و جەنگی ئیعلامی دژی ئەوانەی تر دەكرێت.

كوشتنی ستەمكار

یەكێك لەو كارە توندوتیژانەی هاوڕێ لەگەڵ شۆڕشو شەڕی چەكدارانەدا (جاری واشە بێ ئەو شەڕە چەكدارە) پیادە دەكرێت كوشتنی بەرپرسانو دەسەڵاتدارانە. ئەم كوشتنەی كە بە زمانی ئەمڕۆ بە تیرۆر (ئیرهاب) ناودەبرێت پاساوێكی دیموكراتیی كۆنی هەیە.

چەمكی كوشتنی ستەمكار Tyrannicide مافێك بوو لە سیاسەتی یۆنانیو ڕۆماییدا. كسینۆفۆنو ئەفلاتوونو ئەرستۆ پاساویان بۆ كوشتنی ستەمكار هێنابووەوە. (دیمۆستێن)ی خەتیبی ناوداری (ئە ثینا)ش ئەم كارەی بە دڵسۆزی بۆ دیموكراسی زانیبوو [٤٧] .

لەم ڕوانگەیەشەوە (بروتوس)و هاوڕێكانی (یولیوس قەیسەر)یان كوشت. ئەم بكوژانە بینییان (ڕۆما) ڕووەو حوكمی تاكڕەوی دەڕوات و حوكمی كۆماری لەژێر سایەی قەیسەردا كەوتۆتە بەر مەترسی.

پێویستە ئەوە بڵێین كە وشەی (ستەمكار) وەرگێڕانی پیتاوپیتی وشە كۆنەكە نییە و كە ئەمیان لە عەرەبیدا بە (طاغیة) وەرگێردراوە و كە ئەمەش دیسان تەواو نییەو هەندێك جار بە (مُستَبِد) - كە ئەمیان ڕاسترە – وەردەگێردرێت. ئەو (مستبد)ە كەسێك بوو لەو سەردەمەدا زیاتر پشتی بە جەماوەر دەبەست بۆ خستنی حوكمی چینە باڵادەستەكە (ئەشراف)و حوكمێكی تاكڕەوانەی پیادە دەكرد، تاكڕەوانە لە جەوهەردا ئەگینا هەندێك جار دامو دەزگا دیموكراتییەكانی دەهێشتەوەو تەنانەت ژمارەیەك لەم ستەمكارانە دەبوونە مایەی پێشخستنی وڵاتەكە.

ئیتر ئەگەر بە پێوانەی دیموكراسییەكەی زەمانی زووتر كوشتنی ستەمكار خزمەت بە دیموكراسی بووبێت (زیاتریش لەم بارەیەوە مەبەست لە وتەی دیمۆستێنە وەك لەوانەی‌تر) ئەی دەبێت كوشتنی ستەمكاری هاوچەرخ و بە هەمان پێوانە دیموكراتییەكە چەند كارێكی پیرۆز بێت؟

دوایتر لە فیكری نەصرانیدا (تۆمای ئەكوینی)ی لاهووتناسی نەصرانی (سەدەی ١٣ی زاینی) باوەڕی وا بوو كوشتنی ستەمكاران وەسیلەیەكە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتی [٤٨].

بەم شێوەیە بەشێك لە بیریارانی یۆنانی كۆنو فیكری نەصرانی مەسەلەكەیان بە تەمومژاوی نەهێشتەوە وەك چۆن دیموكراسیی نوێ هێشتوویەتیەوە. دیموكراسیی نوێ ئەگەر ئیدانەی كوشتنی ستەمكار بكات خیانەت بە ئیرادەی گشتی دەكات و ئەگەر ڕێگەی پێ بدات خیانەت بەو دروشمە بریسكەدارانە دەكات كە بە ئاشكرایی بەرزیان دەكاتەوە.

كۆشش بۆ گۆڕانكاری لە ڕۆژئاوادا

كاتێك بینای سەر بە حكومەتی فیدراڵی (مەركەزی)ی ئەمەریكی لە شاری ئۆكلاهۆمادا ساڵی (١٩٩٥) تەقێنرایەوەو زیاتر لە (٢٣٠) كەس لەو تەقینەوەیەدا كوژران تۆمەتەكە یەكسەر خرایە پاڵ ئیسلامییەكان، واتە مەترسییەكەی ئەودیو سنووری ئەمەریكا، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو دەركەوت ئەنجامدەرانی كارەكە كەسانی ئەم دیو سنوورنو هاووڵاتیی ڕەسەنی ئەمەریكین.

ئەو میلیشیا ڕاستڕەوی لەپشت تەقینەوەكە بوو یەكێكە لە ژمارەیەكی زۆری ڕێكخراوی هاوجۆر كە دژ بەحكومەتی فیدراڵی (مەركەزی) كاردەكەنو لە سەرەتای نەوەدەكانی سەدەی بیستدا زیادیان كردبوو و بەرادەیەك بەهێزبوون كە نزیكی سەد هەزار ئەندامیان لە خۆ كۆكردۆتەوە [٤٩]. (ئەم قسەیەش ساڵی ١٩٩٥ وتراوەو دیارە ژمارەكە ئەمڕۆ زیاترە).

ئەو ڕێکخراوانە کارتێکەرێکی ئایینیان لەسەرەو بە زۆری لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ناوەڕاستی ئەمەریکادا هەن کە تیایاندا بەها ئایینییەکان و دابونەریت و هاوکاری نێوان دراوسێکان باشترین پارێزەرن دژی کارو تەعدادی کەسانی دەرەوەی خۆیان [٥٠] . ئەو ناوچەیەش (پشتێنی تەورات)ی پێ دەوترێت [٥١] .

هەندێک لەمانە عیادەی ئەو دکتۆرانە دەتەقێننەوە کە بە کاری لەباربردن هەڵدەستن و تەنانەت دکتۆرەکانیش دەکوژن.

لە ڕۆژئاوادا ڕێکخراوی سەیرتر هەن. جۆرێک لەوانە کاری توندوتیژی دژ بەو دکتۆرانە بەرپا دەکەن کە ئاژەڵەکان دەکەنە بابەتی توێژینەوە پزیشکییەکانیان و وەکو باسێکی سەیرو سەمەرە لێرەدا لەبارەیانەوە دەدوێین.

ئەم بزافەی (مافی ئاژەڵان) بە وتەی چەند پزیشکێک هەڕەشە لە زانستی پزیشکی دەکەن و[٥٢] شێوازی جۆراوجۆری دژایەتی پیادە دەکەن کە لە بەکارهێنانی ڕێگەی یاساییەوە دەست پێ دەکەن تا دەگەنە ئەنجامدانی کاری توندوتیژ. ئەو ڕێکخراوانە بەکارهێنانی ئاژەڵ بۆ توێژینەوەی پزیشکی بە لەناوبردنی جوولەکە دەشوبهێنن[٥٣].

گۆڕی دوو هەرزەکارە تاوانبارەکەی (لتلتۆن)و قوربانییەکانیان

یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەو ڕێکخراوانە کە لە ڕێگەی یاساوە دەستەبەریان کردووە قەدەغەکردنی فرۆشتنی سەگ و پشیلە بۆ مەبەستی توێژینەوەی پزیشکی لە(١٣) ویلایەتی ئەمەریکا [٥٤] (ئەم قسەیەش لە ساڵی ١٩٩١).

بەپاڵ ئەم وەسیلە یاساییانە، ڕێکخراوەکان بۆمب دەتەقێننەوەو بیناکان تێک دەدەن و دەیانسوتێنن و ئاگر بەردەدەنە ئەزموونگەکان و کۆمپیوتەرەکان دەشکێنن و ئاژەڵەکان بەرەڵا دەکەن. لە ئەنجامی کاری واشدا ئاژەڵەکان دەخرێنە ژێر چاودێری، بۆ نموونە لە زانکۆی (ستانفۆرد)دا مشکەکان بیست و چوار سەعات لەژێر حەراستدان!

نموونەیەکش لەسەر کاری توندوتیژیی ئەو کۆمەڵانە ئەوەبوو ساڵی (١٩٩٠) لە بەریتانیادا بۆمبێک خرابووە ژێر سەیارەی ئافرەتێک کە پزیشکی بەیتەری بووو ئەمە بووە هۆی برینداربوونی. یەکێک لە ڕێکخراوەکان دانی نا بەکارەکەو وتی جێگەی ئەسەفە کە ئافرەتەکە ماوەو نەمردووە. بۆمبێکی تریش خرابووە ژێر سەیارەی توێژەرەوەیەکی زانکۆی (بریستوڵ)و لە ئەنجامدا منداڵێکی (١٣) مانگانە لەو نزیکانە بریندار ببوو.

نموونەیتر وتەی سەرکردەیەکی (بەرەی ئازادکردنی ئاژەڵان) لە بارەی توێژەرەوەیەکی ترەوە کە دەڵێت: ئەو توێژەرەوەیە چەند زووتر بکوژرێت ئەوەندە باشترە.

لە ئەمەریکادا ڕێکخراوێک هەیە بەهەمان ناوەوەو نووسینگەی توێژینەوەی فیدراڵی بە یەکێک لە (١٠) ڕێکخراوە ئیرهابییە هەرە مەترسیدارەکانی ئەمەریکای داناوە [٥٥] .

ڕووداوەکانی دوای کارەساتەکەی شاری لتلتۆن لە ئەمەریکادا کە هەندێکیان ڕووداوەکەی لتلتۆن ئیلهام بەخشی بوون/لە گۆڤاری (نیوزویک)ی ئەمەریکییەوە وەرگیراوە

توندوتیژی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا

نکوڵی لەوە ناکرێت کە هەژاری و جیاوازیی گەورەی نێوان هەژاران و سامانداران لە هەندێک کات و شوێندا ململانەی توندوتیژیان لێ دەکەونەوەو ئەمە هەروەها بۆ پەیوەندی نێوان دەوڵەتان و گەلانی هەژارو دەوڵەتان و گەلانی دەوڵەمەند ڕاستەو لەمەوە بەزۆری وڵاتانی هەژار دیاردەی (ئیرهاب) بەخۆیانەوە دەبینن بەڵام بینیشمان چۆن ئەم دیاردەیە تایبەت نییە بەو وڵاتانەو لە ڕۆژئاوای دەوڵەمەندیشدا هەبووەو هەیە. ڕەنگە لەوەش

سەیرتر بێت ئەگەر بزانین کە لە وڵاتێکی پیشەسازیی پێشکەوتووی وەك ژاپۆنیشدا ئەم دیاردەیە هەیە کە کەمتر وەکو وڵاتێکی توندوتیژ ناسراوە .

نموونەیەکی کۆنتری توندوتیژی لە ژاپۆندا (لەشکری سوور)ە کە ژمارەیەك کاری توندوتیژی ئەنجام دابوو. ئەو ڕێکخراوە نەیتوانیوە جەماوەر لەدەوری خۆیدا کۆبکاتەوەو هەروەکو کۆمەڵێکی هەڵبژاردە (نخبوی) مایەوە بەڵام ئەمڕۆ جۆرە کۆمەڵی تر هەن. نموونەیەکی ئەو کۆمەڵانە کۆمەڵەی ئاوم شینریکیۆ Aum Shinrikyo(واتە راستیی باڵا)یە کە پیاوێك بەناوی شۆکۆ ئاساهارا دامەزرێنەرو پێشەوای رۆحیی بوو. شوێنکەوتووانی ئاساهارا بە دە هەزار کەس مەزەندە کرابوون (ئەم قسەیەش ساڵی ١٩٩٦ بوو). لە کارە سەیرەکانی ئەو کۆمەڵە ئەوەیە کلێتەی کارەباییان دەکردە سەریان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر پەیوەندی بە بیرە گەردوونییەکانی ئاساهاراوە بکەن [٥٦].

ئەو کۆمەڵە لە هێڵەکانی گواستنەوەی ژێر زەوی لە تۆکیۆی پایتەختدا گازی ئەعصابی جۆری (سارین)ی ڕشت و ئەمە بووە هۆی کوژرانی (١٢) کەس و زامداربوونی (٥٥٠٠) کەسی‌تر [٥٧] .جگە لەم کارەش ئاساهارا تۆمەت تری دابووە پاڵ[٥٨].

ئاساهارا دەیویست تۆکیۆ لەناوبەرێت و ئیمپراتۆری ژاپۆن لابەرێت و کۆتایی جیهان پێش بخات[٥٩]. پۆلیسی ژاپۆن لەبارەی کۆمەڵە ئاینییەکانەوە دەیوت کە بە درێژایی وڵات (١٨٠) هەزار کۆمەڵە هەن و ناتوانرێت چاودێریی هەموویان بکرێت [٦٠] (هەرچەندە ژمارەکە زۆرە بەڵام وا لە سەرچاوەکەماندا هاتووە).

ئەگەر بگەڕێینەوە ئەمەریکا دەبینین کە توندوتیژی دیاردەیەکی بەرچاوی ئەو کۆمەڵگەیەیە، سەرژمێرییەکانی تاوان ژمارەی سەرنج راکێش دەخەنە روو. بۆ نموونە سەرژمێرییەکانی ساڵی ١٩٩٦ دەڵێن کە هەر (١٨) چرکە تاوانێکی توندوتیژی بەرپادەکرێت (واتە رۆژانە ٤٨٠٠ تاوانی توندوتیژی دەکرێن) و هەر پێنج خولەك تەعدایەکی جنسی روودەدات (واتە رۆژانە ٢٨٨ تەعدا)[٦١] ،نزیکەی (٢١٢) ملیۆن پارچە چەکیش لەبەردەستی هاوڵاتیانی ئەمەریکادا هەن [٦٢] . وەنەبێت هەڵگرتنی چەك نایاسایی بێت، چەك هەڵگرتن مافێکە دەستوور پارێزگاریی لێ دەکات و بەپێی تەعدیلێکی دەستووری ڕێگەی پێدراوە.

هەرزەکاران وکو گەورەکان توندوتیژی پیادە دەکەن: لە چەند رووداوێکدا هەرزەکاران مامۆستای خۆیان و قوتابیی تریان کوشتووە. لە یەکێك لەو رووداوانە (ساڵی ١٩٩٩) دوو قوتابی لە شاری لیتلتۆن Littleton لە ویلایەتی (کۆلۆرادۆ)ی ئەمەریکیدا دوو قوتابی مامۆستایەك و دوانزە قوتابییان کوشت و (٢٣)ی تریان بریندار کردو پاشان خۆیان کوشت [٦٣]، لە شارێکی دیکەشدا چوار قوتابیی (١٤) ساڵان نەخشەیان بۆ تەقاندنەوەی قوتابخانەکەی خۆیان دانابوو[٦٤] ، پێنج قوتابیی تر بەهەمان تۆمەت گیرابوون[٦٥] ،کوڕێکی (١٣) ساڵانەش بە دەمانچەو لیستی (٣٠) کەس کە شایستەی مردنن گیرا[٦٦].

هۆیەکی سەرەکیی ئەم توندوتیژییەی هەرزەکاران دەگەڕێتەوە بۆ سینەمای ئەمەریکی کە توندوتیژی بە رێژەیەکی زۆر گەورە دەهێنێتە بەرهەم و ئەو توندوتیژییە شکۆمەند دەکات. ئەمڕۆش لەوە خراپتر هەیە چونکە بەهۆی تۆڕی ئنتەرنێتەوە هەرزەکاران دەتوانن ئاگاداری دوایەمین بەرهەم و پڕوپاگەندەی توندوتیژی بن. دەشزانین لە بواری هونەردا فلمی توندوتیژیو کوشتارو وێران کردن رەنگدانەوەی ژیانی رۆژانەی هاوڵاتییانە بەڵام موبالەغە لە ئەندازەکەی دەکرێت و ئەم کۆکردنەوەی توندو تیژی لە بەرهەمێکی هونەریداو موبالغەکردن لە ئەندازەکەی جەماوەر دەورووژێنێت و توندوتیژی زۆرتر دەکات. سەیر نییە توندوتیژی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی بەردەوام ئیدانە بکرێت لەکاتێکدا ئەو هەموو توندوتیژییە هونەرییە بخرێتە بازاڕ بێ ئەوەی بەری لێ بگیرێت. سەرچاوەی هەردوو توندوتیژییەکە جیاوازە، یەکەمیان لاواز بەرپای دەکات و دووەمیان بەهێز. یەکەمیان زیان بە سیاسەت و ئابووریی بەهێزەکان دەگەیەنێت و دووەمیان سەرچاوەی داهاتێکی زۆرە و کە بەشێك لەو داهاتە بەشێوەی باج دەچێتە قاسەکانی حکومەتی ئەمەریکی. یەکەمیان مومارەسەیەکی گەلانی ترە و دووەمیان بۆتە کەلتوورێکی نەتەوەیی رۆژئاوا وبەتایبەتی ئەمەریکا.

وەك وتمان تۆڕی ئنتەرنێت رەواجێکی گەورەتری داوەتە توندوتیژی چونکە دەستکەوتنی فلمی ئاسانتر کردووە جگە لە پەیوەندیی نێوان هەرزەکارەکان و دەستکەوتنی ئیعلاناتی توندوتیژی.. تاد لەرێگەی ئەو تۆڕەوە.

وەرزش بوارێکی دیکەی نواندنی توندوتیژییە. ئێمە دەپرسین: چەند کەس کاتێك تەماشای یاریی بۆکسێن دەکەن و خوێنی بۆکسەرەکان دەبینین گۆڕەپانە کۆنەکانی (رۆما)یان دێتەوە یاد کە تیایاندا کۆیلەکان بە چەك دژ بەیەکتر زۆرانبازییان دەکرد و کە لە هەندێك حاڵەتدا زۆرانبازییەکە مەرجی مردنی یەکێکیانی تێدا دەبوو؟ لەو ئاهەنگانەدا کۆیلەکان ئارەزووی ئەشرافی رۆما و هاووڵاتیانی تریان تێر دەکرد. ئەمرۆش هەندێك لەم شتانە گۆڕاون. زۆرانبازان ئازادن بگرە قازانجێکی ماددیی گەورەش دەکەن. جەماوەریش تەنها ئەشراف نییە هەرچەندە پێویستە هەموویان پارە بدەن. ئەوەی لە وێنەکەدا نەگۆڕاوە ڕێکخەری زۆرانبازییە

کۆنەکەو وەرزشە نوێکەن کە قازانجی گەورەی خۆیان دەکەن ، هەروەها ئەوەی وەکو خۆی ماوەتەوەو نەگۆڕاوە گیانی توندوتیژی کە جەماوەری پێ دەورووژێنرێت و کە جەماوەر خۆی بەدوایدا دەگەڕێت.

وەنەبێت وەرزشی توندوتیژ تەنها بۆکسێن بێت بەڵکو بەشی زۆری وەرزشەکان توندوتیژن و کامیان توندوتیژترە ئەوەیان زیاتر سەرنج راکێشترە.

شارستانیی توندوتیژی

کەواتە رۆژئاوا شارستانیی توندوتیژیی بنیات ناوە. شۆڕشی پیشەسازی ئیقاعی ژیانی رۆژئاوایی‌ی خیراترو توندوتیژتر کرد، ئەم ئیقاعە رەنگی لە کەسایەتیی رۆژئاوایی داوەتەوە. لەمیانەی پەلەکردن و هەڵپەی ژیانیشدا مرۆڤی بێهێز بەجێ دەمێنێت، بەڵکو دەشکەوێتە ژێرپێوە. هەموو ئیجرائە کۆمەڵایەتییەکانیش وەك زەمانەتە تەندروستییەکان و زەمانەتی بێکاری ...تاد تەنیا رواڵەتی ئەمانە تەعدیل دەکەن بەلام دەستکاریی کرۆکی ژیانی رۆژئاوایی ناکەن.

رۆژئاواییەکان لە ناچارییان بۆ پەلەکردن و پاڵەپەستۆ کردن پەنا بۆ ئەنیشك دەبەن [٦٧]. بۆیە دەتوانین باس لە (شارستانیی ئەنیشك) بکەین. لێرەوە یەکێك لە هۆکارەکانی توندوتیژیی رۆژئاوایی دەزانین (واتە ئیقاعی خێراو توندوتیژیی ژیانی رۆژانە). پێشتریش هۆکارێکی دیکەمان زانی ئەویش کاری دەزگا ئیعلامییەکان لەسەر برەودان بەو توندوتیژییە. لەم دوو هۆیەشەوە دەتوانین هاوکێشەیەکی توندوتیژیی رۆژئاوایی دابنێین:

ژیانی کۆمەڵایەتی ——→ توندوتیژی ⇄ گوزارشت لە توندوتیژی

بە واتایەکی تر ژیانی کۆمەڵایەتی توندوتیژی دەهێنێتە بەرهەم، ئەم توندوتیژییەش بە شێوازی جۆراوجۆر تەعبیری لێدەکرێت بەلام ئەم گوزارشت کردنە توندوتیژیی زیاتری لێدەبێتەوە. مەرجیش نییە ئەم گوزارشت کردنە لە رێگەی فلمەوە بکرێت بەڵکو تەنانەت بلاوکردنەوەی تاوانەکان و کارەکانی توندوتیژی وەکو هەواڵ لە رۆژنامە و گۆڤاردا ئەم تاوان و کارانەی توندوتیژییە بەرەبەرە دەکاتە مەسەلەیەکی ئاسایی، بەپێی یاسای لاسایی کردنەوەش ئەم بلاوکردنەوەیە هانی کەسانی تر دەدات بۆ ئەنجامدانی تاوانی هاوشێوە.

شێوازێکی دیکەی گوزارشت کردن لە توندوتیژی بریتییە لە بواری فیکر. لە ئەنجامی ئیقاعی توندوتیژی ژیانی کۆمەڵایەتی و ململانە کۆمەڵایەتییەکان و جەنگە دەرەکی و ناوخۆییەکان..تاد، بۆچوون و فەلسەفەی جیاجیا دێنە گۆڕێ. لەناو ئەو بۆچوونانە رەوتێکی توندوتیژی دەبینرێت کە تەرکیز لەسەر ململانە دەکات. بە پێی هاوکێشەکەی سەرەوەشمان ئەو بیروبۆچوونانە جارێکی تر دەگەڕێنەوە جەستەی کۆمەڵگەو توندوتیژی زیاتریان لێ دەکەوێتەوەو لەمەش گرنگتر: شەرعییەت بە توندوتیژی دەدەن و زەمینەیەکی نەزەری و فیکری بۆ ئەو توندوتیژییە بینا دەکەن.

لەمەوە دەتوانین تا رادەیەکی گەورە لە سەرهەڵدان و تەفسیری بیرۆکە قەومییەکان و بیرۆکە سۆشیالیستەکانی وەکو مارکسییەت و بلانکییەت و فەوزەوییەتی کۆمۆنیست هەروەها بیروبۆچوونی وەك ئەوەی (نیتشە) تێ بگەین کە توندوتیژیی ژیانی کۆمەڵایەتی سەرچاوەیەکی سەرەکییانە بەلام بۆ خۆیان ئەو توندوتیژییەیان خەست تر کرد.

بۆچی ئەوەندە لەسەر توندوتیژی رۆیشتین هەرچەندە مەرج نییە توندوتیژی و ئیرهاب هاوجووت بن و ئێمەش لە ئەسڵدا لە بارەی ئیرهابەوە دەدوێین نەك توندوتیژی؟

لە راستیدا ئیرهاب وەکو یەکێك لە کارەکانی توندوتیژی پێویستە بگەڕێتەوە بۆ رەگەکانی توندوتیژی و تەنها نەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە سیاسی و ئابووری و ئایینییەکان...

لەمەش گرنگتر دەمانەوێت جیاوازیی نێوان ئیرهاب و جیهاد بزانین. ناسینی رەگەکانی توندوتیژیی رۆژئاوایش ئەمەمان بۆ ئاسان دەکات.

جیهاد و توندوتیژی

ئەمڕۆ هەوڵێك بۆ یەکسان کردنی جیهاد بە ئیرهاب هەیەو ئەم هەوڵە تا رادەیەك سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. بەلام توندوتیژیی جیهاد و توندوتیژیی ئیرهابی چ جیاوازییەکیان لە نێواندا هەیە؟

سەرەتا با باس لە توندوتیژییەکانی رۆژئاوا بکەین و جیاوازییەکەیان لەگەڵ جیهاددا بکەین.

جیهاد ئەسڵی شەرعیی خۆی هەیەو حوکمی فیقهی لە بارەوە هەیە، واتە کارێکە پێشتر رووە ((قانوونییەکانی)) ئاشکراکراون لەکاتێکدا توندوتیژیی رۆژئاوایی زیاتر بەرهەمی ژینگەی رۆژئاوایە لەبەر ئەوە رووە نەزەرییەکەی دواتر دێت و کەم تا زۆر واقعەکە خۆی بەسەریدا دەسەپێنێت.

جیهاد ئەحکامی شەرعی و بنەمای ئەخلاقیی خۆی هەیە لەکاتێکدا توندوتیژیی رۆژانە بریتییە لە غەریزە. جیهاد ئەو غەریزەیە دەکاتە چالاکییەکی مرۆڤانە و ئامانجی بەرزی پێ دەبەخشێت. جیهاد مەبەستی ئیسلامی دەهێنێتە دی: لابردنی تاغووتەکان و تەخت کردنی رێگا بۆ ئەوەی جەماوەر دوور لە فشار و تۆقاندن و پڕوپاگەندە و خەڵەتاندن بە ماددە و سامان لە لایەن تاغووتانەوە گوێ بۆ راستییەکانی ئیسلام بگرن.

ئیسلام ئەو ئایینە واقعییەیە کە دەزانێت بەهێزەکان ئازادی دەست نیشان دەکەن و سنووری بۆ دادەنێن، لەبەر ئەوە چاوەڕێی ئەوە ناکات لە هەموو شوێنێکدا رێگە بە ئازادیی بانگەواز بۆ ئیسلام بدرێت بۆیە خۆی بۆ ئەو حاڵەتە ئامادە دەکات. ئەمەش زۆر بە سادەیی فتوحاتی ئیسلامیمان بۆ روون دەکاتەوە: ئەو وڵاتەی کە لەشکری ئیسلامی رووی تێدەکات یەکێك لە سێ رێگە هەڵدەبژێرێت: موسڵمان بوون، یان مانەوە لەسەر ئایینی خۆی بەلام پێدانی جزیە و یان شەڕ.

جیهادیش بەم شێوەیە رێگە لە بەردەم بانگەوازەکەی خۆیدا خۆش دەکات، زۆرەملێ لە بلاوکردنەوەی ئاین بەکار ناهێنێت بەلام هەروەها کۆسپەکانی لەبەردەم بانگەواز بۆ ئاینەکە ناهێڵێت.کاتی بەرپاکردنی جیهادیش پێویستە موجاهیدان رەوشتی ئیسلامی بپارێزن وەك لە بەشی یەکەمی ئەم باسەماندا ئاماژەمان بۆ کرد. جیهاد بە کورتی شێوازێکی توندوتیژییە کە خاوەنی بنەمای شەرعی و ئەخلاقیی خۆی هەیە.

جیهاد و عەولەمە

وەکو رەخنە باس لە فتوحاتی ئیسلامی و ناردنە دەرەوەی شۆڕش دەکرێت. ئەمانەش بۆیە قبولْ نەدەکران و ناکرێن چونکە کەسانی تر پێ هەڵدەستان بەلام ئەمڕۆ ئەوەی ئەمانەی قبوولْ نەدەکرد هەر خۆی غەزوێکی ئابووری و فیکری و ئەخلاقیی جیهان دەکات وەك چۆن پێشتر غەزوێکی هاوشێوەی جیهانی کردبوو و زۆر جار غەزویی سەربازیشی پیادە دەکرد.

عەولەمە غەزوێکی نوێیە، هەر کەسێکیش بۆی بلوێت لێی دانانیشێت و غەزوی جیهان دەکات. عەولەمە نوێترین غەزوە و لایەنە بەهێزەکە پێی هەڵدەستێت. زانایەکی سیاسیی ئەمەریکی بە ناوی (بنیامین باریەر) دەڵێت کە ئیسلامی ئوسوڵی تاکە هێزی بەرهەڵستکاری عەولەمەیە. نووسەر دەیەوێت بڵێت دوو هێزی دژ بەیەك لە جیهاندا هەن. هەرچەندە کابرا دەڵێت جیهاد و ماك وۆرڵد (مەبەستی نووسەرێکی ئابوورییە کە باسی لە عەولەمە کردبوو) پێکەوە جێ بە دەوڵەت (یان نەتەوە) و بناغەکانی دیموکراسی لەق دەکەن بەلام دان بە شتی باش زۆری جیهاد دەنێت چونکە بۆ نموونە رەخنە دژ بە کۆمەڵگەی ئیستهلاکی پێشکەش دەکات.(٦٨)

جیهادی سنوور بەزێن لەراستیدا پاساوی شەرعیی تری هەیە بەلام ئەگەر نەیارانی بیانەوێت پاساوی بۆ نەهێڵن و پێوانەکانی خۆیان بەکاربهێنن جیهاد دەتوانێت هەر ئەو پێوانانەی خۆیان لە دژیان بەکار بهێنێت. دەنا بۆچی ناردنە دەرەوەی ئیسلام لە رێگەی جیهادەوە رەوا نەبێت بەلام ناردنە دەرەوەی دیموکراسی و بەزۆر سەپاندنی ئەو و سەرمایەداری بەسەر گەلاندا رەوابێت؟ بۆچی جیهادی جیهانی رەوا نەبێت و عەولەمە رەوا بێت؟ ئەم سەردەمە خۆی پاساو بۆ جیهادی جیهانی دەدۆزێتەوە.

شۆڕشی جیهانی

کاتێك فیکرەی سۆشیالیزم و بە تایبەتی مارکسییەت رەواجی هەبوو، شۆڕشی جیهانی فیکرەیەکی هاوڕێی مارکسییەت بوو. لە جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا لە سییەکانی سەدەی بیستدا خۆبەخشی چەپڕەو لە شوێنی جیاجیاوە روویانکردە ئەوێ تا لە ریزی بەرەی کۆماریدا دژی هێزەکانی جەنەراڵ فرانکۆ بجەنگێن . جگە لەم هاوکارییە نێو نەتەوەییە جاروبار چەپڕەوان دەچوونە ئەم وڵات و ئەو وڵات تا لە ریزی شۆڕشدا بجەنگێن. (گیڤارا)ی هاوڕێی کاسترۆ بە ئەسڵ ئەرجەنتینی بوو، ئەو ئەرجەنتینییە لە ریزەکانی شۆڕشی کوبادا شەڕی کردو پاشان رووی کردە وڵاتێکی تری ئەمەریکای لاتینی و لەوێدا کوژرا.

پێشتریش شۆڕشی جیهانی باوەڕێکی کۆمۆنیستەکانی یەکێتی سۆڤییەت بوو، کۆمۆنیستەکانی ئەوێ باوەڕیان وابوو سەرکەوتنی ئەزموونی سۆڤیتی لە رووسیادا بەندە بە شۆڕشی سەرتاسەریی کرێکارانی ئەورووپا. بەلام پاش ئەوەی شۆڕشەکە رووی نەدا بیرۆکەیەکی دیکە خرایە کار ئەویش بنیات نانی سۆشیالیزم لە یەك وڵاتداو پاشان گواستنەوەی بۆ وڵاتانی تر.

لەگەڵ هەرەسی کۆمەڵەی وڵاتانی کۆمۆنیست و دارمانی رژێمەکانیان بیرۆکەی شۆڕشی جیهانی کە پێشتر لە گیانەڵادا بوو بە رواڵەت وا دەرکەوتبوو کە بە تەواوی گیانی لەدەست داوە بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو شۆڕشێکی جیهانی لە شێوەیەکی تر سەری هەڵدا.

ساڵی ١٩٨٩ ساڵی دارمانی نیزامە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات بوو و لە هەمان ساڵدا و پاش زیاد لە دە ساڵ لە داگیرکردنی ئەفغانستان یەکێتی سۆڤییێت لەو وڵاتە کشایەوە. بەهاری ١٩٩٢ سەرکەوتنی تەواوی موسڵمانانی ئەفغانستان بوو بەسەر نیزامە وابەستەکەی مۆسکۆ و پاککردنی وڵات لە کۆمۆنیزم، زۆریش نەبوو یەکێتی سۆڤییێت هەرەسی هێنابوو و هەڵوەشابووەوە.

بە درێژایی ی ساڵانی جیهادی ئەفغانستان هەزاران موجاهید لە هەموو وڵاتەکانی جیهان روویان کردە ئەو وڵاتەو فیکرەی شۆڕشی جیهانی زیندوو کرایەوە. ناوچەیەکی ئەفغانستانیش نەما گۆڕی موجاهیدێکی جیهانی ئیسلامیی تێدا نەبێت.

ساڵی ١٩٩٣ ش پێشەنگەکانی موجاهیدانی جیهانی روویان کردە بۆسنەو کۆمەڵێکی تر گەڕانەوە وڵاتی خۆیان، کۆمەڵێکی تر روویان کردە وڵاتانی تری ئیسلامی کە دوایەمینیان چیچان بوو.

ئەفغانستان جیهادی زیندوو کردەوەو لەهەمان کاتدا شۆڕشی جیهانیشی بۆ جارێکی تر هێنایە بوون. هەردوو جیهادو خەباتی جیهانی جێگەی مەترسیی گەورەن بۆ زلهێزەکان و بۆ نیزامەکانی وڵاتانی ئیسلامی.

جیهادی ئەفغانی گەورەترین سەروەریی تۆمار کرد بەڵام دوایی لە سککەی خۆی دەرچوو و بووە فتنەو شەڕی ناوخۆ. لەگەڵ ئەوەشدا گەورەترین بەرهەمی لە دوای خۆیەوە جێهێشت ئەویش سەلماندنی هێز و توانای جیهاد. جیهادی میللەتێکی رەش و رووت بەسەر هێزی ماددیی زەبەلاح کە دووەمین دەوڵەتی جیهانی بوو.

نێوان هەرەسی رژێمە کۆمۆنیستەکان و لەگۆڕنانی تەواوەتیی بیرۆکەی شۆڕشی جیهانی و سەرهەڵدانی جیهادی جیهانی زەمەنێکی ئەوەندە کورت بوو کە دەتوانین بڵێین زەمەن نەبوو. دەتوانین هەردوو رووداوەکە بە ساڵی (١٩٨٩) یان (١٩٩٢) تۆمار بکەین. کام ساڵیشیان بێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە مردن و ژیانەوەکە هاوکات بوون.

جیهادی جیهانی مەترسیدارترە بۆ زلهێزەکانی چونکە لاوترە، کاریگەرترە، بە هۆی عەقیدەی ئیسلامیشەوە شەرعیەتی لەناو جەماوەردا ئاشکراترە.

زلهێزەکان مەبەستیانە خەباتەکان پارچەپارچە بکەن تا یەك یەك نەیانهێڵن چونکە تەقینەوەی جیهاد لە هەموو شوێنێکدا و هاتوچۆی موجاهیدان لەنێوان وڵاتەکاندا بۆ ئەوان کارەساتێکی گەورەیە. چەکێکی دەستی ئەوانیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم مەترسییە جەنگی ئیعلامییە بۆ ناشیرین کردنی جیهادی جیهانی. بەڵێ" کەموکورتی هەن و هەڵەی زۆر دەکرێن بەڵام ئەسڵی ئامانجەکە گەورەو پیرۆزە، موجاهیدیش ئاوڕ لە قسەی ناشیرین ناداتەوە (**يجاهدون في سبيل الله ولا يخافون لومة لائم**). ئەو رۆژەش کە جیهاد لە زۆربەی وڵاتاندا دەتەقێتەوە بوومەلەرزەی گۆڕانکاری سەرتاپای جیهان دەگرێتەوە. هەتا ئەگەر جیهاد لە هەموو شوێنەکانیشدا لە یەك ساتەوە نەتەقێتەوە وەڵاتێك هەر دەبێت پێشەوایەتیی جیهادی جیهانی بکات. هەموو رێگەکان دەمانگەیەننە رۆما.

هێز رێزە

جەنگی ئیعلامی سازدراوەو جیهاد بە ئیرهاب ناوبراوە، ئەی دەبێت ئیسلامییەکان چی بکەن؟ واز لە ئامانجەکانیان بهێنن و چاوەڕێی زەلیلی بکەن؟ چاوەڕێی هێزەکانی دیکە بکەن لە دەرگاوە بێت یان لە پەنجەرەوە بێنە ماڵەکەیان؟ لە پەراوێزی ململانەی جیهانی لەسەر دەسەڵات بمێننەوەو ببنە دیشلێکی بچووکی ناو مەکینەی دەوڵەتێکی بەهێز تا بۆ سەروەری و دەوڵەمەندکردنی خۆی بیانسووڕێنن؟ مرۆڤی ژیر هیچ لەمانە ناکات و لەبەر قسەلۆك دەستبەرداری وەسیلەکانی بەهێزبوون نابێت.

هێز سەلماندوویەتی کە دروستکەری پێوانەکانە، یاسای نێودەوڵەتی و عورف و دابونەریتی نێوان دەوڵەتان ومافی مرۆڤ و دژایەتی کردنی توندوتیژی...تاد لە سنوورێکی دیاریکراودا کاری خۆیان دەکەن بەڵام لەبەردەم هێزدا چۆك دادەدەن. هێز تەنانەت رێزیشت بۆ دروست دەکات. ئەم راستییە ئەوەندە بەدیهییە کە رەنگە یەك تاکە نموونە بۆ سەلماندنی ئەمە پێویست نەبێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا با نموونەی بۆ بهێنینەوە:

(دۆگلاس براڤۆ) کە سەرکردەیەکی چەپڕەوی (ڤێنزویللا) لە ئەمەریکا لاتینیدا بوو دەڵێت کە رۆژی نەمانی حوکمی دکتاتۆری وڵات پێرێز خیمینێز ساڵی ١٩٥٨ نزیکەی سەد دەمانچە هەڵگر لە شەقامەکانی (کاراکاس)ی پایتەخت بووین. ئەو کاتە دەسەڵاتداران ئێمەیان بە هاوشانی خۆیان دەزانی و بە شایستەیان دەزانین وتووێژمان لەگەڵدا بکەن. حکومەت (گۆستاڤ ماچادۆ) ـ

کە سکرتێری گشتیی حزب بوو ـ ی بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی بانگهێشت دەکرد بەڵام کە دواتر دەمانچەکانمان دانا دەرگای کۆشکەکە بە رووی (ماچادۆ)دا داخرا(٦٩).

مەبەستی دەسەڵاتداران چەك کردنی نەیارانە، مەبەستی زلهێزەکانیش چەك کردنی هەردوو بەهێزەکانی تر و بێهێزەکانە. ئەگەر چەکیش گرنگ و مایەی ڕێزو دروستکەری دەسەڵات و سامان نەبوایە ئەمەریکا هەوڵی نەدەدا پەیمانی (ناتۆ) فراوانتر بکات. دەبوایە پاش هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤییێت و پەیمانی (وارشۆ) کە جێگەی مەترسی بوون بۆ رۆژئاوا پەیمانی ناتۆش هەڵبوەشێنرایەوە. ئەمەریکا و غەیری ئەمەریکا شارەزای گەمەکەن بەڵام تەنها ئەمەریکا سەرکەوتووانە پیادەی کردووە، ئەمەشی بۆ لواوە.

موسڵمانی ئەمڕۆ چیتر ئەو موسڵمانە لاوازو دەستەوەستانەی جاران نییە

وابزانم جێگەی خۆشیەتی باس لە دوو وێنەی جیای موسڵمان بکەم تا خوێنەری بێ لایەن ئەگەر خرانە بەردەمی بە کامیان رازییە بۆ خۆی هەڵیبژێرێت. یەکەمیان هی زیاد لە بیست ساڵ بەر لە ئێستا بوو. کاتی خۆی مارکسییەکان و قەومییەکان ڕێگەی خەباتی چەکدارییان گرتبووە بەرو رەخنەیان لە ئیسلام دەگرت کە گوایە مرۆڤ فێری سلبیەت و تەسلیم بوون بە ئەمری واقیع و زوڵمی زاڵمان بێت.

دیمەنێکی ئەو رۆژانە زۆر دووبارە دەبووەوە" لاوە موسڵمانەکە کلاوێکی سپیی لەسەردا بوو، هێمن و لەسەرخۆ بۆ مزگەوت دەڕۆشت، لاوە مارکسی و قەومییەکان و لاوە بەرەڵا (بێ فیکرە)کان ڕێگەیان پێ دەگرت، هەڕەشەیان لێ دەکرد، سووکایەتییان پێ کرد، ئەویش تف و کەرامەتیی خۆی قووت دەدا و بێدەنگ دەبوو، بەڵام ئەمڕۆ لاوەکە کلاوە سپییەکەی بێ وەییی فڕێداوە و ریشی لێ درێژ کردووە، بەعیزەتەوە بەسەر زەویدا دەڕوات، چەکی هەڵگرتووە. ئا ئێستا ئەو لاوە جێگەی مەترسییە. مەرە بێ وەیەکە گۆڕاوە. خوێنەری بێ لایەن: کامیانت پێ باشترە؟ لای ئێمە هەردووکیان باشن بەڵام دووەمیان باشترە (المؤمن القوي خيرٌ واحبُّ الى الله من المؤمنِ الضعيفِ وفي كلٍّ خير) ئیمانداری بەهێز لای خودا باشترو خۆشەویستترە لە ئیمانداری لاوازو هەردووکیان خێریان تێدا هەیە (موسلم روایەتی کردووە/صحیح مسلم/کتاب القدر).

ناحەزانمان دەیانەوێت ببینە مەرە بێ وەیە کلاولەسەرەکە تا بە ئاسانی سەرمان ببرن. لە بۆسنەدا حوکمی یوگۆسلاڤی موسڵمانەکانی لە ریزی سوپادا قبووڵ نەدەکرد بۆیە موسڵمانان لە بواری سەربازی وشەڕدا تواناو شارەزاییان نەبوو و هەربۆیەش کاتێك چەکدارە سربەکان لە شارێك یان گوندێکی موسڵماننشین نزیك دەبوونەوە موسڵمانەکان لەرزیان لێ دەهات و دەتۆقین.ئەوەندەی پێ نەچوو موجاهیدە جیهانییەکان گەیشتنە بۆسنەو موسڵمانەکانی بۆسنەیان بینی چۆن و لە کێ دەترسن. ئەو جەنگاورە لێهاتووە ((ریشدارانە)) بۆ سربەکان هاتنە مەیدان و وەکو عەرەب دەڵێن (لايَفلُّ الحديد الا الحديد) تەنها ئاسن ئاسن دەشکێنێت کەوتنە شکاندنیان و کەلاکیان لێ خستن و شەڕەکانیشیان بە کامێرای ڤیدیۆ گرت و وێنەکانیان پیشانی موسڵمانەکانی بۆسنە دا" ئەوەتا فیشەك لاشەی سربەکان دەبڕێت ئینجا موسڵمانەکانی بۆسنە باوەڕو متمانەیان بەخۆ بۆ دروست بوو.

کۆمەڵەی سەرخراو

زۆرن ئەو فەرمودانەی باسی ئەو کۆمەڵە دەکەن کە خودا سەریان دەخات و تا رۆژی قیامەت وجوودیان هەیە. زووتر هەندێك زانا ئەم کۆمەڵەیان بە ئەهلی فەرموودە دەزانی، بەڵام فەرموودەی تر باس لەوە دەکەن کە ئەمانە شەڕ دەکەن لە کاتێکدا ئەهلی فەرموودە شەڕکەر نین. ئەگەر ئەو کۆمەڵە کۆمەڵێکی دیاری کراو نەبن و دەشێت موجاهدو زاناو بانگخواز... بن ئەوا جەنگاوەرانی جیهادی جیهانی کۆمەڵێکن لەوانە. ئەمانە کەسوکارو وڵاتی خۆیان جێهێشتووەو روویان کردۆتەوە هەر وڵاتێك جیهادی تێدایە.

ئەمانە غەیری هەژاری لە دنیادا هیچیان دەست نەکەوتووە، هەر ئەم موجاهیدە هەژارانەشن ـ وەك فەرموودەیەکی پێغەمبەر(ﷺ) باس لەمە دەکات ـ کە بەر لە هەموو کەسێك لەقیامەتداو لەو رۆژەی هەموو ئەهلی مەحشەر تینوویانە دەگەنە سەر حەوزی پێغەمبەر(ﷺ)و لێی دەخۆنەوە.ئەمە ئاواتی ئەو موجاهیدانەیە ئیتر دەبێت قسەو قسەڵۆك چەندی کاری لەسەریاندا هەبێت و چۆن ناووناتۆرەی وەکو (ئیرهابی) دەیانترسێنێت؟ ئێمەی ئیسلامیو ناحەزانمان لەهەوڵ وکارکردنداین، لەدواڕۆژیشدا یەکتر دەبینینەوە.

پەراوێزو سەرچاوە

١- صحيح مسلم/ كتاب العلم.
٢- صحيح مسلم/ كتاب الايمان.
٣- بڕوانە: د.عبدالوهاب الكيالى وهاوڕێكانى، الموسوعة السياسية، المؤسسة العربية للدراسات و النشر ج١٩٧٩،١ ل ١٥٣.
٤- پێناسەی (بریان كرۆزیێر) نووسەری كتێبی الثائرون The Rebels وەرگێڕانی: خیری حماد، المكتب التجاری، بيروت ١٩٦١، ل ١٩٢، بەلاّم نووسەر بەشێوەكی كاتی ئەم پێناسەیەی دانابوو.
٥- الجنرال كارل فون كلاوزفيتز، فى الحرب،ت.اكرم ديرى والهيثم الايوبى، بيروت ١٩٧٤، ل ٨٩
6- J.B.S. Hardman, Terrorism, in, Encyclopaedia of The Social Sciences, Vol. 14, New York, 1934, (13th reprint. 1959, p. 575
.lbid, p.576 -٧
8- Richard Niebuhr, Fundamentalism, in, Encyclopaedia of the Social Sciences, Vol. 6, 1931) 13th reprint. 1959), p.526.
lbid
١٠- احمد ثابت ، قضية لوكربى ومستقبل النظام الدولى (تاليف مجموعة من الخبراء والباحثين) ١٩٩٢، ل ١٢٣ بەدواوە.
١١- ڕۆبەرت پالّمەر، ١٧٨٩، الثورة الفرنسية وامتداداتها (ناوی ئەسلّی:١٧٨٩ شۆڕشەكانی ئازادی ويەكسانی) ت.هنرييت عبود ١٩٨٢، ل ١٦٠.
١٢- فرانز ميهرنغ (مێرنگ)، كارل ماركس، تاريخ حياته ونضاله، ت.خليل الهندى، ١٩٧٢، دار الطلبة، بيروت، ل١٥٦.
١٣- ب. كرۆزیێر، الثائرون، ل ١٦١.
١٤- بۆ ئەم قسەیەی ئیسپۆزیتۆ بڕوانە: گۆڤاری الدبلوماسی، ژمارە٣، سالّی یەكەم، تشرینی یەكەم ١٩٩٦، ل ٩.
١٥- الدكتور يوسف القرضاوى، الصحوة الاسلامية بين الجحود والتطرف، ل ٣٦.
١٦- گۆڤاری المجتمع ژمارە ١٠٥٥، ١٩٩٣/٥/٢٩ ل ٢٩.
١٧- ريجى دوبريه، دفاعاً عن الثورية، ت. نزيه الحكيم، دار الاداب ، بيروت، چاپی دووەم، ئابی ١٩٧٢، ل ٢٦.
١٨- لیۆن ترۆتسكی، الارهاب والشيوعية، ت.جورج طرابيشى، دار دمشق، (ئەسلّەكە سالّی ١٩٢٠) سالّی وەرگێران؟ ل ٦٧.
١٩- سەرچاوەی سەرەوە ل ١٢٩
٢٠- د.فاضل صبحى، كومونة پاريس، ١٩٥٩، ل ٣٧.
٢١- ريجى دوبريه، دفاعاً عن الثورية، ل ٧٧.
٢٢- گۆڤاری قضايا دولية، ٣٣٠، ٢٩ ، ١٩٩٦/٥/٥ ل ٢٣ ئەويش لەڕۆژنامەی (الشعب)ی میسری ١٩٩٦/٤/٥ وەرگیراوە.
٢٣- فادی اسماعيل، لەگۆڤاری الدبلوماسی، تشرینی یەكەم ١٩٩٦ ل ٢٧. ڕۆژنامەی (تابلۆید) ڕۆژنامەی قەبارە بچووكەو بەزۆری وێنەی تێدایە لەگەلّ هەوالّی كورت.

٢٤- دکتۆر انس الشیخ علی، گۆڤاری الدبلوماسی، تشرینی یەکەم ١٩٩٦، ل ٣٣.
٢٥- سەرچاوەی سەرەوە.
٢٦- سەرچاوەی سەرەوە.
٢٧- بڕوانە هاوڕێ باخەوان، (هاوڕێنامە) بۆ مێژووی کوردستان وکورد، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩.
٢٨- هاوڕێنامە، ل ٣١٣.
٢٩- هاوڕێنامە، ل ٣٢٥.
٣٠- گۆڤاری المشاهد السیاسی، ژمارە ٣٨، ١-٧/١٢/١٩٩٦، ل ٢٣.
٣١- گۆڤاری المشاهد السیاسی، ژمارە ٩٧، ل ١٦-١٧.
٣٢-گۆڤاری قضایا دولیة، ژمارە ١٦٦، ٦/١/١٩٩٧، ل٥.
٣٣- بڕوانە کتێبی حوار الدولة و الدین، المرکز الثقاف العربي، ١٩٩٦ کە حیواری نێوان (د. سەمیر ئەمین) و (برهان غلیون)ە. بڕوانە بۆ نموونە ل١٢٥ بەدواوە ول١٨٣ و رەخنەی (برهان) لە (د.سەمیر).
٣٤- بۆ ئەمە بڕوانە کتێبی قضیة لوکربی...، ل ١٠ بەدواوە.
٣٥- بسام العسلی، نهج الثورة الجزائریة، بیروت، چاپی دووەم، ١٩٨٦، ل ١٤٨.
36- V. Cygielman, La Nouvel Observateur, 12-20/ 3/1996, p. 50.
٣٧- الفرد لیلنتال، هکذا یضیع الشرق الاوسط، ت ؟ بیروت، ١٩٥٧ ل ٢٤ بۆ قەسابخانەکەش بڕوانە هەروەها: بسام ابوغزالة، الجذور الارهابیة لحزب حیروت الاسرائیلی، بیروت، ١٩٦٦، ل٤٦-٤٧.
٣٨- گۆڤاری الدبلوماسی، ژمارە ٤، شوباتی ١٩٩٧، ل٢٥.
٣٩- بارنغتون مور، الجذور الاجتماعیة للدکتاتوریة والدیمقراطیة، ت. جورج جحا، بیروت، ١٩٧٣، ل١١٤.
٤٠ – ئەو قسەیە لە: ربیع الحافظ، گۆڤاری السنة، ذو الحجة ١٤١٥، ل١٤.
41- Jean – Paul Mari , Gaza, La chase aux terroristes, Le Nouvel Observateur, 12-40\3\1996, P.49.
٤٢- امیل برهییه، تاریخ الفلسفة، القرن السابع عشر، ت. جورج طرابیشی، بیروت، ١٩٨٣، ل ٣٢٩.
٤٣- هەمان سەرچاوە.
٤٤- الکیالی، الموسوعة السیاسیة، ل ٢١٧- ٢١٨.
٤٥- فتح الباری بەرگی ١٤، چاپی دار الفکر، ١٩٩٧، فەرموودە ژمارە ٧٠٥٤، ٧٠٥٥، ٧٠٥٦.
٤٦- ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم ئەم قسەیەم هەر لە (فتح الباری)دا بینیوە بەڵام ئێستا بەرگ و لاپەڕەکەم لەبەردەستدا نییە.
٤٧- الکیالی، الموسوعة السیاسیة، ل ٢١٧.
٤٨ سەرچاوەی سەرەوە.
49-Michel Colomès, la vrai visage des pourvoyeurs de haine, le Point, 1180, 29\4\1995, p.71
50- Ibid, p.70.
51-Ibid.
52-H. Pardes, A. West,H. Alan Pincus, Physicians and the Animal – Rights Movement, The New England Journal of Medicine, Vol. 324, No. 23, June 6,1991, p.1640.
53-Ibid,p.1641.
54- Ibid.
55-Ibid,p.1642.
56-Henri Haget,Il voulait faire sauter la Planète,l’Express,25/4/1996,p.23.
57-Ibid.
58-Ibid,p.23 .

59-Ibid,p.30 .

57-Ibid .

٦١-گۆڤاری المجتمع، ژ١٢٢٣، ١٩٩٩/١٠/٢٢، ل٢.

٦٢-ربيع الحافظ، گۆڤاری السنة ، ژ٤٨، ل٤٤.

٦٣-بڕوانه هەردوو ژمارەی ڕۆژی ١٩٩٩/٥/١٠ی هەردووگۆڤاری (تایم)و(نیوزویك)ی ئەمەریکی لەبارەی ئەو کارەساتە.

64-Time,10/5/1999,p.53.

65-Ibid.

66-Ibid .

٦٧-ئەمەم لە گۆڤارێکی عەربیدا بینیوە کە ئیستا لەبەر دەستمدا نییە.

٦٨- چاوپێکەوتنێك لە گوڤاری المشاهد السياسي ژمارە١٢، ٢٠٩-٢٠٠٠/٣/١٨،ل١٣-١٤.

٦٩- ريجي دوبريه، دفاعا عن الثورية، ل ١٦١-١٦٢.